KURDISTAN



# ڕوانینێکی خۆماڵییانە لە ئەدەبیاتی بەرگری!



## نووسینی: هەیاس کاردۆ

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe

# ڕوانینێکی خۆماڵییانە لە ئەدەبیاتی بەرگری!



## هەیاس کاردۆ

**دۆستانی خۆشەویست سڵاوتان لێ بێ.**

هەموو ساڵێ بەرەبەری ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، باسێکی گەرم لە بارەی پێشمەرگە و خەباتە خوێناوییەکەی دێتە گۆڕێ. دواتر باسەکە وردە وردە کەم ڕەنگتر دەبێتەوە و جاری واشە دەکەوێتە ژێر سێبەری باس و

جەدەلی دیکە. تەنانەت هێندێک جار گرینگیی خەباتی پێشمەرگانە دێتە ژێر پرسیار و وای لێ دێ ژمارەیەک خەڵک لێی وەشک دەکەون. بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد هەیە، بەرگریی چەکدارانە، یان بەو جۆرەی ناسراوە، خەباتی چەکدارانە، یەک لەو ڕێگایانەیە کە کورد دەتوانێ و "دەبێ!" بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی کەڵکی لێ وەرگرێ. گرینگیی بەرگریی چەکدارانە وای لە ئەدیبان و نووسەران کردووە لە پەسنیدا شیعر و پەخشانی سۆزدار بهۆننەوە و بە زمانێکی ناسک کچان و کوڕان هان بدەن لەو ڕێگا پیرۆزەدا فیداکاری بکەن.

ساڵانێک بەر لە ئێستا لە شاری ئادیلایدی ئوستڕالیا، لە کۆڕێکدا و لە سەر داوای "ناوەندی ڕامان" بابەتی "ئەدەبیاتی بەرگری"م هێنایە بەر باس. هەرچەند دەمزانی باسی ئەدەبیاتی بەرگری وەک ئوقیانووسێکی قووڵ وایە کە کاری کەسانی وەک من نیە مەلەی تێدا بکەن. بەو حاڵەش بە پێی سەلیقە و توانام هەوڵم دا دە قەراغ ئاوەکانیدا هێندێک شڵپە شڵپ بکەم. بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بابەتی هەمان کۆڕ، بە هێندێک دەستکاری و لە چەند بەشدا دەخەمە بەر دیدی ئێوە خۆشەویستان. باش دەزانم قسە کردن لە خەباتی چەکدارانە کە پێشمەرگە خاوەنداریەتی دەکا و بە تایبەت ئەدەبیاتی بەرگری، زۆر لەوە زیاتر هەڵ دەگرێ کە ئەم نووسراوە کرچوکاڵە بتوانێ شی کاتەوە. هیوادارم توانیبێتم گۆشەیەکی هەرچەند چووکیش لەو باسە گرینگە برووژێنم.

-----

بۆ ئەوەی یەکڕاست بچمە نێو باسەکەوە بە پێویستی دەزانم سەرەتا پێناسەیەک لە ئەدەبیات بە گشتی بکەم و دوایەش ئەدەبیاتی بەرگری بە تایبەت لێک بدەمەوە. دوایە دەچمە سەر مێژووی ئەدەبی بەرگری و چەند نموونەیەک لەو بوارەدا باس دەکەم. ئینجا تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی بەرگری باس دەکەم و دوای ویش بە کورتی هێندێک لایەن و بواری ئەو ئەدەبە دێنمە بەرباس کە نموونەشیان بۆ دێنمەوە. پاشان لە سەر ئەدەبی بەرگریی کورد قسە دەکەم کە مەبەستی ئەسڵیی باسەکەمانە. هەر لەو بەشەدا ئاماژە بە هێندێک نموونەی سەرنج ڕاکێشی ئەدیبانی کورد دەکەم کە لە بەرهەمەکانیان دا گرینگییان بە بەرگری داوە. لە کۆتایی دا چەند نموونەیەک لە وردە نووسراوەکانی خۆم کە لە پێشەکیی هەر ژمارەیەکی "مێژووی زیندوو" دا هاتوون دەخوێنمەوە.

**باسەکەم بەو نەقڵی قەولە دەست پێ دەکەم کە لە ئەدەبی ڕۆژئاوام وەرگرتوە:**

**"ئەگەر لە بەرامبەر هێندێک شت دا ڕانەوەستی، بۆ هەمو شتێک لە پێ دەکەوی"**



سەرچاوە Serchawe

هەیاس کاردۆ

هەر وەک عەرزم کردن بۆ ئەوەی باشتر لە ئەدەبی بەرگری بگەین پێویستە دەپێشدا باسی ئەدەبیات بە گشتی بکەین. بێگومان لە کۆڕێکی ئاوا دا ئەدەبیات کە ئوقیانووسێکی بێ بنە بەو جۆرەی پێویستە لێک نادرێتەوە. هەر بۆیە ئەگەر بتوانم تەنیا ناساندنێکی کورتی لێ بکەم، خۆی کارێکی گەورەیە. هەر بەڕاستی ئەدەبیات چییە؟ ئەم وشە جوانە، ڕۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر و بە مەبەسەتی لێک جیاواز بەرگوێمان دەکەوێ، کەچی ڕەنگە کەمتر بۆمان پرسیار بێ مانای چییە و چ بوارگەلێک لە ژیانی ئێمە دەگرێتەوە. هەتا ئیستا و لە ڕەوتی مێژوو دا تاریفی جۆراوجۆر لە ئەدەبیات کراوە بەڵام هەتا هاتوە ماناکە خۆماڵیانەتر و لە واقیع نیزیکتر بۆتەوە. بۆ وێنە زۆر پێشتر ئەدەبیات بە نووسراوەیەکی خەیاڵی بەڵام ڕەوان دەگوترا کە لە واقیع دوورە. زەمانێک ئەدەبیات تەنیا لە شیعر و ڕۆمان دا خۆلاسە دەبۆوە. دواتر لە سەدەی شازدە لە زمانی ئینگلیسی دا وشەی "ڕۆمان" هەم بۆ ڕووداوە واقیعییەکان و هەم بۆ شتە خەیاڵییەکان بە کار دەهات. دواتر ئەدەبیات بەو مانایە تاریف دەکرا کە دەتوانێ زمان بە شکڵێکی تایبەتی بەکار بێنێ، جا ئەو زمانە خەیاڵ بێ یان واقیع فەرق ناکا. بە پێی ئەو تاریفە کە فۆرماڵیستەکانی ڕووس دایان هێناوە ئەدەبیات ڕێکخستن و هاوئاهەنگ کردنی ئەو قسانەی لە ئەستۆیە کە ڕۆژانە دەنێو خەڵک دا دەگوترێنەوە. یانی لە ڕاستی دا ئێمە ئێستا دەتوانین هەرچی نووسراوەی سەر ڕووی زەوی هەیە بە ئەدەبیات دابنێین چونکە هەمووی پێک هاتوون لە دەسەر خستنەوەی پیت و وشەی جۆراوجۆر کە بە جۆرێکی مانادار لە ڕستەدا بەدوای یەکدا هاتوون.

**بەڵام بەگشتی پێویستە ئەدەبیات بکەینە دوو دەستەی لێک جیاواز کە ئەوانەن:**

**یەکەم؛** ئەدەبیاتی گشتی کە دەتوانێ لە هەر زانیارییەکی نووسراو یان گوتراو پێک بێ کە هەتا ئیستا لە گۆڕیدان. مەسەلەن هەموو ئەو نووسراوانەی لە بارەی مێژوو، فەلسەفە، جوغرافیا، پزیشکی و ئەوانی دیکە نووسراون و بۆمان ماونەتەوە، بەشێکن لە ئەدەبیاتی گشتی. چونکە هەر وەک گوترا وشەکان وا لە پەنای یەک ڕیز کراون کە مانادار بن و ئێمە بتوانین لێیان حاڵی بین. کەوابوو لەو بەشە دا ئێمە چاو لە ڕەوانی و جوانیی ڕستەکان ناکەین، بەڵکوو ماناکانمان بۆ گرینگە کە باسی شتێکی تایبەتمان بۆ دەکەن و ئێمەش بە هاسانی لێیان حاڵی دەبین.

**دووهەم؛** ئەدەبیاتی تایبەتی کە بە پێچەوانەی ئەدەبیاتی گشتی ڕیتمی تایبەت بە خۆی هەیە و هەست و سۆزێکی تێدایە کە خوێنەر یا گوێگر زوو بۆ لای خۆی ڕادەکێشی. ئەدەبیاتی تایبەتی خۆی دوو جۆرە: هەم نووسراوی هەیە هەم گوتاری یان وێژەیی. ئەدەبیاتی تایبەتیی نووسراو لە شکڵی جۆراوجۆر دا خۆی دەنوێنێ کە ئەمانەن: شیعر، ڕۆمان(داستان)، کورتە داستان، پەخشان، تەنز، هەجو، بیرەوەری، نامە، سەفەرنامە، ژیاننامە و هی دیکە. لە ئەدەبی وێژەییشدا، لاواندنەوەمان هەیە، شین و شەپۆڕمان هەیە، موناجاتمان هەیە، حیکایەتمان هەیە، بەیت و حەیران و گۆرانیمان هەیە کە لەبەشی

هەیاس کاردۆ

زۆریان دا بێژەر خۆی شاعیرەکەشە. ئەو بەشە لە ئەدەب واتە ئەدەبیاتی تایبەت مەیدانێکی زۆر بەرفرەوانی داگیر کردوە کە ئەویش خۆی دەبێتە چەند بەش کە من بە کورتی ئیشارەیان پێ دەکەم. لە ئەدەبیاتی تایبەتیی نووسراو دا ئێمە دەگەڵ ئەم لقانە ئاشنایەتیمان هەیە و ڕەنگە هەر کەس ئۆگریی بە یەکێک لەوانە زیاتر لەوانی دیکە هەبێ:

**ئا؛** ئەدەبیاتی مەزهەبی، کە سەرچاوەکەی سەرەتا وێژەیی و دوایە دەبێتە نووسراو کە دینەکانیان لەسەر دامەزراوە، وەک ئینجیل، تەورات، قورعان و ئەوانی دیکە. تۆ ئەگەر تەماشای قورعان بکەی دەبینی بە جوانترین و ڕەوانترین شکڵی مومکین داڕێژراوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە دڵی خەڵک دا جێ بگرێ. لە دوای ئەو کتێبانە هەموو ئەو موناجات و دوعا و حەدیس و ڕیواتە ئایینیانە کە بەردەوام دووپات دەبنەوە کە هەمووشی بە زمانێکی زۆر تایبەت و پاراو داڕێژراون بۆ ئەوەی لە سەر هەستی خەڵک کاریگەریی باشیان هەبێ. هەروەها ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕۆمان و داستان و شیعر لەو بوارە دا چاپ و بڵاو بوونەتەوە کە بۆ ڕاگرتنی هەستی مەزهەبی لە دڵی خەڵک دا کاریگەریی خۆیان هەبووە. بە گشتی ئەدەبیاتی مەزهەبی لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤەکان دا ڕۆڵی زۆر کاریگەری گێڕاوە و دایم هاندەرێکی بەهێز بوە بۆ ئەوەی بیر و بۆچوونی مەزهەبی زیندوو بوونی خۆی بپارێزێ.

٢٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٥

هەیاس کاردۆ

## بەشی دووهەم،



بێ؛ ئەدەبیاتی ئەفسانەیی کە بەگشتی باسی ئەو شتانە دەکا کە خەیاڵ دروستی کردوون و لە عالەمی واقیع دا وجوودیان نییە. مەسەلەن لە نێو فارس دا شانامەی فیردەوسی کە لەڕاستیدا بە باوکی زمانی فارسییش دەژمێردێ لەو بەشەدا جێی گرتوە. لایەنێکی گرنگی ئەدەبیاتی ئەفسانەیی لە حەماسە پێک هاتوە کە ئەویش بەشێکی دەچێتە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە کە دواتر باسی لێوە دەکرێ. ئەدەبیاتی ئەفسانەیی لەزەمانی ئێستا دا ئەو دەورەی قەدیم ناگێڕی بەو مانایە کە باسی دێو و درینج و پاڵەوانانی لە شکان نەهاتوو و ئەو جۆرە شتانە بکا. ئەو لقە لە ئەدەب ئێستا زیاتر بە شکڵی دیکە خۆی دەنوێنێ کە خەیاڵ لە جیاتی ئەوەی ڕابوردوو بگێڕێتەوە داهاتوو دەێنێتە بەرچاو و مێشکی مرۆڤ هان دەدا وەدووی کاری پڕ مەترسی بەڵام داهێنەرانە بکەوێ.

پێ؛ ئەدەبیاتی عیشقی یان دڵداری، کە لە ڕاستیدا مەیدانێکی یەکجار بەرینی لە ئەدەبیاتی تایبەتی داگیر کردوە و بە شکڵی جۆراوجۆر بەیان کراوە و ئێستاش هەروا بەیان دەکرێ. لە ڕاستییش دا هەتا ژیان هەبێ ئەوینی نێوان جینسی جیاواز هەر دەبێ و هەر بۆیەش ئەو ئەدەبیاتە لە برەو ناکەوێ. ئاسەوار و بەرهەمی بەشێک لە ئەدیبەکانی ئەو بوارە بەجۆرێک عالەمگیر بوون کە ڕەوتی سەدان ساڵ لە تەمەنی کەم نەکردوونەتەوە و تۆزی فەرامۆشی بە سەر نەکێشاون .

تێ؛ ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە بە گشتی باسی داب و نەریت و فەرهەنگ و هەڵس و کەوتی باوی نێو خەڵک دەکا بەڵام بە زمانێکی جوان و ڕەوان داڕێژراوە بۆ ئەوەی کاریگەریی باشی لەسەر هەست و دەروونی خەڵک هەبێ و ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ.

جێ؛ ئەدەبیاتی بەرگری، کە مەبەستی ئەسڵیی ئەم کۆڕەی ئێمەیە و من هەوڵ دەدەم زیاتر شی کەمەوە و نموونەی لێ باس بکەم. بەڵام پێش ئەوە بە پێویستی دەزانم خودی بەرگری شی بکەمەوە و ئەگەر بتوانم تاریفێکی لێ بکەم.

ڕەنگە سادەترین تاریف بۆ بەرگری ئەوە بێ کە بڵێین بریتییە لە دژکردەوەیەکی ماف ویستانە لە بەرامبەر کردەوەیەکی پەلاماردەرانە دا. بەو مانەیە کە کەسێک، لایەنێک، گرووپێک، تایفەیەک یان دەوڵەتێک بە مەبەستی زێدەخوازی یان زاڵ بوون بەسەر کەس، لایەن، گرووپ، تایفە یان دەوڵەتێکی دیکە هەوڵی پەلامار یان دەست درێژی دەدا و لایەن یا کەسی بەرامبەریش ناچارە بۆ داکۆکی لە مافی خۆی بەرگری بکا. بەرگری دەتوانێ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە نیشان بدرێ کە لە زەمانی ئێستا دا شەڕی چەکداری، یان بەرگریی چەکدارانە دیارترین و پڕ باسترینییەتی. هەربۆیەش بەشی هەرە زۆری ئەدەبی بەرگری بۆ ئەو بوارە تەرخان کراوە کە مێژوویەکی پڕ پێچ و خەمی هەیە.

لە ڕاستیدا بەرگری ئەو کاتە دێتە مەیدان کە "نافەرمانی" سەرهەڵ دەدا. بەو مانایە کە هەرکات ئێمە بتوانین وەڵامی "نا" بە داوایەکی نامەنتیقی یان ناعادڵانە بدەینەوە خۆمان بۆ بەرگری ئامادە کردوە. مێژووی بەرگری دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، چونکە لەوەتا مرۆڤ هەیە پەلامار هەیە و مادام پەلامار هەبووە بەرگریش هەر هەبووە. ئۆریانا فالاچی ژنە ڕۆژنامە نووسێکی بە ناوبانگی ئیتالی بوو کە وتووێژەکانی دەگەڵ کەسانی ناوبەدەرەوەی جیهان بەناوبانگن. ناوبراو مێژووی نافەرمانی دەگەڕێنێتەوە بۆ دایە حەوا و بابە ئادەم کە لە سەر نافەرمانی لە بەهەشت دەرکران. فالاچی لە بەرهەمێکی خۆی دا ڕوو بە منداڵەکەی کە قەت لە دایک نەبوو ئاوا دەنووسێ: "منداڵەکەم ئەگەر کچ بی پێویستە زۆر شەڕ بکەی تا بتوانی بیسەلمێنی ئەو ڕۆژەی دایە حەوا سێوەکەی خوارد گوناحی نەکرد. ئەو ڕۆژە کردەوەیەکی بە شکۆ لە دایک بوو کە پێی دەڵێن نافەرمانی. سەرئەنجام دەبێ زۆر شەڕ بکەی تا بیسەلمێنی لە نێو لەشی نەرمت دا شتێک هەیە بە ناوی



سەرچاوە
Serchawe

عەقڵ کە پێویستە وەڵامی بدرێتەوە. دایک بوون شوغڵ نییە، ئەرکیش نییە، تەنیا مافێکە وەک هەزاران مافی دیکە. هێندە هاوار دەکەی هەتا ماندوو دەبی کە زیاتریش تێیدا شکست دەخۆی. بەڵام نابێ دڵسارد بییەوە. خەبات زۆر لە سەرکەوتن جوانترە. ئەو کاتەی سەردەکەوی یا دەگەیە مەقسەد، تازە هەست بە بەتاڵاییەک دەکەی. بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بەتاڵاییەش پێویستە دووبارە وەڕێ کەوی و ئامانجی دیکە دەستنیشان بکەی."

کەوابوو بەرگری ڕیشەی لە نەفەرمانی دایە و مادام ئێمە بتوانین داوایەکی ناڕەوا ڕەت کەینەوە خۆمان بۆ بەرگری ئامادە دەکەین. ڕەنگە هۆی نافەرمانییەکە لە هێندێک ڕوانگەوە نامەنتیقی و بێ مانا بێتە بەر نەزەر، بەڵام مادام عەقڵ و مێشک پێمان دەڵێ نابێ ئەو شتە قەبووڵ بکرێ پێویستە لە بەرامبەری دا ڕاوەستین. بەرگری هەم بە شکڵی تاکە کەسی و هەم بە شێوەی گرووپی خۆی دەنوێنێ و دەتوانێ کاتی یان بەردەوام بێ. بەربەرەکانێی بەردەوام یان درێژ خایەن زیاتر مەبەست خەباتی کۆمەڵایەتی، چینایەتی یان نەتەوایەتییە کە هەتا گەیشتن بە ویست و داخوازەکان درێژەی دەبێ و زیاتر تێکەڵاوە دەگەڵ توند و تیژیی لە ڕادەبەدەر و زیانی زۆری بەدوو دا دێ. هەر بۆیەشە ئەو بەربەرەکانییە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی زۆر لە نێو کۆمەڵ دا پەیدا دەکا و جم و جۆڵی ئەدەبی و هونەریی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

پێش ئەوەی بچمە سەر باسی ئەدەبی بەرگری، بە پێویستی دەزانم باسێکی کورتیش دەربارەی خەباتی مەنفی، یا مەدەنی کە خۆی لە نوختەی بەرابەری بەرگریی چەکداری دا دەبینێ بکەم. ئەمڕۆ کەس و لایەنی وا هەن کە خەباتی چەکداری بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە و پێیان وایە ئەم خەباتە هەم لە ڕەوشی ئینسانی دوورە و هەم ئاکامی زیانباری بۆ کۆمەڵ بەدواوە دەبێ. لە بەرنبەر دا ئەوانە دەیانەوێ خەباتی مەدەنی لە کۆمەڵ دا بکەنە باو کە چەند نموونەیەکی لە مێژوو دا تاقی کراوەتەوە. فەلسەفەی خەباتی مەدەنی دژی توندو تیژی لە هەموو شکڵ و شێوەکانی دایە و لایەنگرانی ناچار دەکا لە دەریچەی ئینسانییەوە بڕواننە تەڕەفی بەرامبەری خۆیان، بەو مانایە کە لەو کاتە دا کە هێزی بەرامبەر لێیان دەکوژێ و ئەشکەنجەیان دەکا و ماڵیان دەڕووخێنێ، ئەوان دەبێ هەستی خۆشەویستیی خۆیانی نیشان بدەن و بە هیچ جۆر توند وتیژی لە خۆیان نیشان نەدەن .خەباتی مەنفی یەکەم جار لە لایەن مهاتما گاندی ڕێبەری بزووتنەی سەربەخۆیی خوازانەی هیند هاتە کایەوە کە دەی ویست وڵاتەکەی لە ژێر دەستی ئینگلیس ڕزگار بکا. گاندی پێی وابوو ڕاوەستانی بێ نواندنی توندوتیژی تەنیا ڕێگایەکە کە دەتوانێ هێزی بەرانبەر ناچار بکا گوێ بۆ داوا و قسەکانی شل بکا و لێی تێ بگا. ناوبراو کە خۆی وەکیلێکی لێزان بوو و تەحەممولێکی یەکجار زۆری لە بەرامبەر سەختییەکان دا هەبوو ئەو شکڵە خەباتەی بەرەبەرە لە نێو لایەنگرانی دا کردە باو و سەرئەنجام لە هەموو هیندووستان دا پەرەی پێدا. سەرئەنجام دوای تەواو بوونی شەری دووهەمی جیهانی، ئینگلستان ناچار ملی بۆ ویستی خەڵکی هیند ڕاکێشا و سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی قبووڵ کرد.



سەرچاوە
Serchawe

دواتر بزووتنەوەی ڕەش پێشتەکانی ئەمریکا بە ڕێبەریی دوکتۆر مارتین لۆتیرکینگ لە شەستەکان دا هەر بەو شێوازە هاتە گۆڕێ و ئینجا بزووتنەوەی بەناو بانگی ڕەشەکانی ئەفریقای باشوور بە دژی ئاپارتاید بوو کە نیلسۆن ماندیلا ڕێبەریی دەکرد کە خۆی ٢٧ ساڵی زیندانی بۆ کێشا و سەرئەنجام لە دەیەی نەوەدی زایینی دا پاشە کشەی بە دەوڵەتی ڕەگەز پەرستی ئەو وڵاتە کرد و لە ٢٧ی مانگی ئاپریلی ساڵی ١٩٩٤ دا یەکەم هەڵبژاردنی سەرتاسەری بە بێ بوونی ئاپارتاید بەڕێوە چوو کە حەشیمەتی زۆرینەی ڕەش پێست دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتەی گرتە دەست. هەڵبەت لە هێندێک وڵاتی ئوڕووپای ڕۆژهەڵاتیش وەک چێکۆسلۆواکی و ئەوانە دواتر لە کۆتاییەکانی هەشتاکان دا شێوەیەک لە شۆڕشی دوور لە خوێنڕێژی هاتە ئاراوە کە بە شۆڕشی "مەخمەری" بە ناو بانگە و ئاکامی باشیشی بەدواوە بوو.

٢٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

هەیاس کاردۆ

## بەشی سێهەم،



کاری من لێرە ئەوە نییە موقایەسەی بەینی ئەو دوو جۆرە خەباتە بکەم و قازانج و زەرەی هەرکامیان شی کەمەوە. ئەوە خۆی مەجال و کاتی خۆی دەوێ و لە باسی ئەم کۆڕە بەدوورە. تەنیا پێم خۆشە ئیشارە بەوە بکەم بەڕێوەبەرانی خەباتی چەکداری قەت و لە هیچ وڵاتێک داخوازنە و تەنیا بۆ ئەوە کوشتار وەڕێ بخەن دەستیان نەداوەتە ئەو شێوازە لە خەبات. بەڵکوو تەرەفی بەرامبەر ناچاری کردوون ڕووی تێ بکەن چونکە لە غەیری ئەوەدا هیچ مەجالێکی دەنگ هەڵبڕینیان پێ نەدراوە.

دووهەم ئەوە کە بەڕێوەبردنی خەباتی مەدەنی بە تایبەت بۆ بزووتنەی ناوچەیی وەک هی کوردستان کە دەگەڵ دەسەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe

ڕەگەز پەرەستی ناوەنـدی ڕووبەڕوویە و بە تەواوی گەمـارۆ دراوە، کـارێکی ئەگەر نەڵـێم نەگـونجە، دەتـوانم بڵێم ئـاسۆی سەرکەوتنی یەکجار تاریکە.

سێهەم ئەوە کە هەمـوو ئەو خەبـاتە مەدەنییـانەی سـەرکەوتوون سەرتاسـەری بـوون و لایەنـی بەرامبەریش بە جۆرێـک لە جۆرەکـان خـاوەن فەرهەنگی ڕۆژئـاویی بـوە کە خـۆی ئیـددیعای لایەنگری لە مـافی مـرۆڤ و ئـازادیی ڕادەربڕینـی هەیە. بە واتایەکی دیکە نموونەی وامـان لە سـەرکەوتن یـا پەرە گرتنی خەبـاتی مەدەنی لە نێو ئەو وڵاتـانە دا کە دیکتـاتۆرییەکی موتڵەق بـاڵی بەسەر دا کێشاون و خۆی کۆمەڵەکەش لە فەرهەنگی ڕۆژئاوا دوورە، نییە.

بەو وردە باسـانەی لە دەوروبەری ئەدەبـی بەرگـری هێنـامنە گـۆڕێ ئێسـتا دەچـمە سـەر ئەسڵی مەتـڵەب. لە بـاری مانـا و نێوەرۆکەوە، ئەدەبیاتی بەرگری بەو ئاسەوارە ئەدەبییـانە دەگـوترێ کە بـۆ هانـدانی هەستی خـۆڕاگریی خەڵـک لە بەرانـبەر دەستدرێژیی هێزێکی دەرەکی دا وەرێ دەخرێ، یـان لە ژێر کاریگەریی هەلـومەرجێکی دژواری دیکتـاتۆڕی و خەفە کردنی هەر دەنگێکی ناڕازی دا بـۆ وەڕێ خستنی شەپۆلی مـاف ویستی و خەڵـک وشیار کـردنەوە لە ڕادەی ئەو مـاف پێشێکردنانەیە کە ڕۆژانە لە لایەن دەزگـای حـاکمەوە دەسـەپێندرێ. کەوابـوو جەوهەری ئەدەبـی بەرگـری بـریتییە لە دەربڕینـی هەسـتی بەربەرەکـانی دژی لایەنێکـی دەرەکی، یـان ئیستیبدادی نێوخۆیی لە هەمـوو بوارەکـانی کـۆمەڵایەتی، ئـابووری، فەرهەنگی، نەتەوایەتی و هی دیکە دا. ئەوەی ئەدەبی بەرگری لە بەشـەکانی دیکەی ئەدەبیـات جیـا دەکـاتەوە پەیـام و نێوەرۆکی ئەو ئەدەبەیە. بەو مانـایە کە ئەدەبـی بەرگـری ئـاوێنەی بـاڵا نـوێنی دەرد و ئـازار و بەش مەینەتیی ئەو خەڵـکەیە کە لە ژێر باری ستەم و چەوسانەوە دا خەریکە پشتیان دەشکێ. ئەدەبی بەرگری وێڕای ئەوە کە باسی ئەو ئـازارانە دەکـا، دایم ئومێد دەدا بە خەڵک کە داهاتوویان ڕوونە و سەرئەنجام دەتوانن بە ڕاوەستانی خۆیـان زوڵم و چەوسـانەوە لە نێو بەرن. شتێکی زۆر گرینگ کە دایم بیر و هۆشی ئەدیبانی بواری بەرگری بە خۆیەوە خەریک کـردوە خۆگێل کردنـی نەسلێکە کە ئاسایش و خۆشگوزەرانی، ئەوانی لە خەبات و خۆماندوو کردن لە پێناو گەیشتن بە ئازادیدا دوور خستۆتەوە. هەر بۆیە هەوڵیـان داوە بە دروست کردنی ئوستوورەی مێژوویی و نەتەوایەتی، هەستی وڵات پارێزی و دیفـاع لە گەل و نیشـتمان لە نیـو ئەوان دا وا پەرە پێ بدەن کە ڕێگای مل کەچ کردنیان لە بەرانبەر زۆردار دا لێ بگرێ.

لە ڕاستیدا دەتوانین ئەدەبی بەرگری بۆ هەر ڕاوەستان و بەربەرەکانییەکی مرۆڤ لە هەر قـالبێکیی ئەدەبـی دا، وەک نەزم و نەسر، نووسراو یان وێژە، بۆ هەر مەبەستێکی بەرگریکارانە تـاریف بکەیـن. لەو حـاڵەتە دا و بە پێـی ئەو تـاریفە دەکرێ هەموو ئەو بابەتـانەی کە لە بـارەی بەرگریی مرۆڤ لە بەرانـبەر بەڵای سروشتی، هێرشی گیـانلەبەری کێـوی، شەڕی نێـوان ئینسانەکان و هـی دیکە کە لە درێژایی مێژوو دا هـاتوونەتە پێش، بخەیـنە خـانەی ئەدەبـی بەرگرییەوە. بەڵام ئەو شێوە

## ڕوانینێکی خۆماڵییانە لە ئەدەبیاتی بەرگری!

**هەیاس کاردۆ**

لێکدانەوەیە نە زۆر عیلمییە و نە مەنتیقی. لە ڕوانگەی عیلمییەوە، ئەدەبیاتی بەرگری بە کۆمەڵە بەرهەمێک دەگوترێ کە لە قالبێکی ناسک و بە ئاهەنگێکی سەرنجڕاکێش یان باسی خۆڕاگریی خەڵکی وڵاتێک لە بەرانبەر هێرشی هێزێکی دەرەکی دا دەکا، یان لەو هەموو زوڵم و چەوسانەوەیە دەدوێ کە لە لایەن دەسەڵاتی نێو خۆیی بە سەر کۆمەڵانی خەڵک دا دەسەپێ و خەڵکیش ناچارە لە بەرانبەری دا ڕاوەستێ. کەوابوو مەبەستی ئێمە لە ئەدەبیاتی بەرگری تاریفی دووهەمە کە دەچێتە قالبی ماف ویستی، ئازادیخوازی و قبووڵ نەکردنی زوڵم و چەوسانەوە. هێندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو بوارە ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ هەستان و ڕاپەڕینی خەڵک و لە ڕاستیدا پێش ئەوەی بەربەرەکانێی خەڵک دەست پێ بکا بەرهەم هێنراون کە دەکرێ بڵێین بوونەتە ئیلهام و هاندەر بۆ ڕاپەڕین. هێندێکیان لە کاتی شەڕ و بەربەرەکانێدا سەریان هەڵداوە و وەک چەکێکی بەهێزی دەستی خەباتگێڕان کاریگەریی خۆیان نواندوە. بەشی زۆریشیان دیارە دوایی لە درێژەی زەمان دا خۆیان دەرخستوە کە ڕووداوەکانیان وا گێڕاوەتەوە هەتا لە بیر و زەینی خەڵک دا وا بچەسپێن تێپەڕینی ڕۆژگار تۆزی فەرامۆشییان بەسەر نەکێشی. هەرچەند ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی باسی بەرگری دەکەن مێژوویەکی درێژتریان هەیە، بەڵام خودی دەستەواژەی "ئەدەبیاتی بەرگری" تەمەنێکی زۆری نییە و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە هاتۆتە سەر زمانان کە هەموو ئەو شیعر، ڕۆمان، کورتە داستان. تەنز، بیرەوەری، نامە و ژیان نامانە دەگرێتەوە کە بۆ ڕاگرتنی ڕووحی خۆڕاگری لە بەرانبەر دەسەڵاتی دژی ئازادی دا بەرهەم هێنراون.

نووسراوەی ئەدەبی سەبارەت بە دەرد و ڕەنجی کۆیلەکان و سەرهەڵدانەکانیان بۆ گەیشتن بە ئازادی کەم نین بەڵام ئەوەی ڕەنگە زۆربەمان لێی ئاگادار بین، ڕاپەڕینی سپارتاکۆس بە دژی ئیمپڕاتۆریی ڕۆمی قەدیمە کە ٧٣ ساڵ پێش لە دایک بوونی مەسیح ڕووی داوە. سپارتاکۆس کە خۆی یەک لە هەزاران کۆیلەی نیزامی کۆیلەداریی ڕۆم بوو، لە جیاتی ئەوەی مل بۆ ویستی دەسەڵاتداران کەچ بکا و بچێتە شەڕی هاوبەندییەکانی خۆی کە وەک گلادیاتۆڕ دەگەڵ یەکتر بەشەڕیان دەدان، بیری ڕزگار کردنی کۆیلەکانی کەوتە مێشکی و سەرئەنجام توانی لەشکرێکی بیست هەزار کەسی لە کۆیلەکان دروست بکا کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بە مەترسییەکی گەورە لە بەردەم ئیمپڕاتۆریی بەهێزی ڕۆم دا. هەرچەند بەداخەوە بزووتنەوەی سپارتاکۆس نەی توانی بەرگەی هێزی لە بڕان نەهاتووی ڕۆم بگرێ و ئاخرییەکەی تێک شکا، بەڵام وەک بڕیارێکی یەکجار گرینگ خۆی نواند و هەر وەک دەبینین ئێستاش ناوی سپارتاکۆس وێردی سەر زمانی ئازادیخوازنە. لە بارەی ڕاپەڕینی سپارتاکۆس و خودی خۆی، جگە لە ئاسەوارە مێژووییەکان، بەرهەمی ئەدەبیی زۆریش بە جێ ماون کە لە شکڵی ڕۆمان و داستان و ژیاننامە دا خۆیان دەنوێنن و هەر لەسەر بناغەی ئەو ڕۆمانانەش فیلمی سینەمایی و زنجیرەی تەلەویزیۆنیی زۆر دروست کراون.

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە کارەساتی ماڵ وێرانکەر کە بە دەستی خودی مرۆڤ دروست کراوە. پەلامار و داگیر کردنی

وڵاتان، وێران کردنی شار و دێهات و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵک، بە کۆیلە کێشانی خەڵکی بەدیل گیراو لە لایەن وڵاتی سەرکەوتووی شەڕەوە و زۆر کردەوەی دیکەی وا کە ویژدانی مرۆڤایەتی ئازار داوە، هەمووی بوونەتە هۆی ئەوە نووسەرانی بە خەبەر لە بەرهەمەکانیان دا زەقیان کەنەوە بۆ ئەوەی پێشی وەحشیگەریی زیاتر بگرن. دەگەڵ ئەوانەش ئازایەتی و لە خۆ بوردوویی ئەوانەی لە پێناو مانەوەی خۆیان و وڵاتەکەیان دا شەڕیان کردوە دیسان ئەدیبانی هان داوە وەسفی خۆڕاگرییەکەیان بکەن. لە کۆنترین ئاسەواری شیعری کە دەکرێ وەک ئەدەبی بەرگری ناوی بەرین، "ئیلیاد و ئۆدیسەیە" کە "هۆمێر" شاعیری کوێری یۆنانی بەرهەمی هێناوە. شانامەی فیردەوسیش کە بە یەکێک لە شاکارەکانی دنیای ئەدەبی حەماسی دەناسرێ هەر لەو خانەیە دا جێ دەگرێ .لە نێو ڕۆمانەکان دا، "شەڕ و ئاشتی" بەرهەمی نووسەری گەورەی ڕووس، "تۆلیستۆی" هەتا ئێستا وەک پڕ نێوەرۆکترین و پڕ خوێنەرترین ئەدەبی بەرگری ناسراوە. هەروها ڕۆمانەکانی دیکەی وەک: "ئازادی یا مەرگ"، نووسراوی "نیکۆس کازانتزاکیس"ی یۆنانی، "بێ نەوایان" نووسراوی "ویکتۆر هۆگۆ"، "دۆنی ئارام" بەرهەمی بە ناوبانگی میخائیل شۆلۆخف" و زۆر بەرهەمی ئەدەبیی دیکەش دەتوانین ناو بەرین. هەر لەم بەشە دا پێم باشە ئیشارە بە ڕۆمانی بە ناوبانگی "حەمەدۆک" بەرهەمی بیری تیژی یاشار کەماڵ، کوردی تورکی نووسی باکووری کوردستان بکەم کە خودی داستانەکەش هەر پێوەندیی بە کوردەوە هەیە. ئەم ڕۆمانە چوار جلدییە، سێ جڵدی لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتای زایینی دا لە لایەن وەرگێڕی بەتوانای کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەرگێردرایە سەر زمانی کوردی و توانی ئەدەبی بەرگری هەنگاوێکی دیکە بەرێتە پێش و جموجۆڵێکی زۆر بخاتە نێو ئەویندارانی گەیشتن بە ئازادی. جڵدی چوارەمی ئەم ڕۆمانە لە لایەن شاعیری خۆش زەوقی کورد مامۆستا عاشق لە زمانی سوئێدی ڕا وەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ئێستا لە بەردەست خوێنەرانی کورد زمان دایە. ڕۆمانی حەمەدۆک بەسەر هاتی ژیانی تاڵی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردە کە لە ڕۆڵی حەمەدۆک دا خۆی دەنوێنێ. حەمەدۆک نوێنەر و نوێنگە و سیمای خەباتکاری کوردە کە بە تاقی تەنیا بە گژ نیزامی دەرەبەگایەتی دا دەچێتەوە و شۆڕشێک بەرپا دەکا کە دەسەڵاتی تورک دێنێتە ژێر پرسیار. لەو ڕۆمانە دا هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی بەرگری بە جوانی خۆ دەردەخەن. حەمەدۆک هەتا ئێستا گەورەترین و بە ناوبانگترین ڕۆمانی بواری ئەدەبی بەرگرییە کە بە زمانێکی غەیری کوردی لە سەر ژیانی خەڵکی کوردستان نووسرابێ .

٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

## بەشی چوارەم



لە چەرخی بیستەم دا و بە تایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ڕووسییە و ئینجا سازبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی و پاشان سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکانی گەلانی ژێر ستەم، ئەدەبی بەرگری پێی نایە قۆناغێکی نوێ لە خۆنواندن. لەم قۆناغە دا ئەدەبی بەرگری بوو بە بەشێک لە بەرەکانی شەڕ و لە سەنگەری بەرگری دا وێڕای خەباتکاران مایەوە. بە دەیان هەزار شیعری حەماسی و سەدان ڕۆمان و داستان و ڕیوایەت و بیرەوەریی شەڕ و شتی دیکە لەو پێوەندییەدا چاپ و بڵاو بوونەوە کە هەموویان وەک هاندەرێکی گرینگی خەباتکاران بۆ گەیشتن بە ئامانج سوودیان هەبووە. لە دەیەی پەنجای زایینی بەم لاوە هەتا لە بەر یەک بڵاو بوونی بەرەی سۆسیالیستیی وڵاتانی جیهان، ڕەوتێک لە خەباتی ڕزگاریخوازی هاتە ئاراوە کە بە خەباتی چریکی بە ناوبانگە. ئەم ڕەوتە کە بە خەباتی خەڵکی کووبا دەستی پێ

کرد، دواتر زۆر شوێنی دیکەی گرتەوە و تەکانێکی گەورەی بە شۆڕشی ئازادیخوازیی جیهانی بەخشی. هەر ئەوەندە نووسراوە ئەدەبییەی سەبارەت بە شۆڕشی کووبا و بە تایبەت کەسایەتیی بە ناوبانگ "چێ گوارا" بەرهەم هێنراون، بەسە بۆ ئەوەی قووڵی و بەربڵاویی ئەدەبی بەرگری لەو پێوەندییەدا هەست پێ بکرێ. ئێستاش پاش زیاتر لە نیو سەدە دوای کوژرانی ئەو خەباتگێڕە، ناوی چ گوارا لە سەر زار و زمانی خەڵکی چەوساوە نەکەوتوە و تەنانەت دژبەرانیشی ناچار بوون ستایشی ئازایەتی و فیداکاریی ئەو بکەن. لە نێو نووسەرانی ئەمریکای لاتین دا نووسراوەکانی گابریل گارسیا مارکزی کۆلۆمبیایی هەتا ئێستاش وەک گەشاوەترین بەرهەمی ئەدەبیی جیهان دەناسرێن کە بەشێکی زۆریان دەچنە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە. لە ئەفریقا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ئەدەبی بەرگریی وڵاتانی میسر، ئەلجەزایر و فەلەستین جێگایەکی تایبەتیان هەیە و خاوەن سۆز و تەئسیرێکی سەرنج ڕاکێشن. لە بەناوبانگترینی شاعیرانی فەلەستینی کە خۆی خەباتگێڕی ڕێگای ئازادیی وڵاتەکەشی بوو "مەحموود دەروێش"ە کە خاوەنی دەیان دیوانی شیعریی پڕ نێوەرۆکە. هەروەها "موفدی زەکەریا"ی ئەلجەزایری کە ناوبانگی جیهانیی هەیە. سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بە دژی نیزامی پاشایەتی کە ئاکامی خەباتێکی سەخت و خوێناویی خەڵکی ئەم وڵاتە بوو، هەزاران بەرهەمی ئەدەبیی دیکەی بە ئەدەبی بەرگری زیاد کرد. لە جەنگەی شەڕی ئێران-عێراق دا، ئەدەبی بەرگری لەو دوو وڵاتە وەرچەرخانێکی بە هێزی بەخۆیەوە دیت و بوو بە بەشێک لە کەرەسەکانی دڵ گەرمکردنی سوپای ئەو دوو وڵاتە. دوای تەواو بوونی شەڕیش، ئەوەندەی من بزانم لە ئێران هەوڵێکی بەربەرین و بەرنامە بۆ دارێژراو هەیە بۆ ئەوەی هەموو ئاسەوارە ئەدەبی و هونەرییەکانی ئەو دەورەیە کۆ بکرێنەوە و وەک خەزێنەی ئەدەبی بەرگری بۆ نەسلەکانی دواڕۆژ ڕابگیرێن.

بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەدەبی بەرگری لە سەر ڕووحییەی خەڵک بزانین، بێ جێ نییە هەر لەم بەشە دا ئیشارە بە لایەنێکی دیکەی ئەدەبی بەرگری بەڵام لە پێوەند بە مەزهەب دا بکەم. ڕاوەستانی حوسێنی کوڕی عەلی لە بەرانبەر سوپای زۆری یەزیدی کوڕی معاویە خەلیفەی ئەوکاتی موسڵمانان لە (ساڵی ٦١ی کۆچی، مانگی) دا و کوژرانی هەموو ٧٢ کەسەکەی یارانی حوسێن لە دەشتی کەربەلا، کارەساتێکی دروست کرد کە هەتا ئێستاش بۆ شیعە بۆتە پێخۆری مانەوە. لە درێژایی ئەو هەزار و چەند سەت ساڵە دا لایەنگرانی حوسێن هەموو ساڵێ لە ساڵڕۆژی ئەو کوشتارەدا ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر دەگرن کە بە عاشووڕا بەناو بانگە. لە بیرەوەریی عاشووڕا دا، ئەوەی ئەدیبانی شیعە بە مەبەستی مەزلووم نیشان دانی حوسێن لە خۆیانی نیشان دەدەن، لە ڕاستیدا لووتکەی خولقێنەرییە و هەر بۆیەش توانیویەتی تۆفانێک وەرێ بخا کە لە کوڵوکۆ نەکەوێ. بە تێڕادیوبییەوە دەکرێ بڵێین، هۆیەکی گرنگی ڕاوەستانی مەزهەبی شیعە لە درێژەی زەمان دا بیرەوەریی عاشووڕایە کە ئەویش ئەدەبی بەرگری ڕای گرتوە. ئەدەبیاتی مەزهەبیی شیعە لەو پێوەندییەدا یەکجار خەمهێنەر و بە سۆزە و بە تایبەت لە نێو لاوان و تازە لاوان دا کاریگەریی قووڵی هەیە. ئەو ئەدەبیاتەیە کە شیعە شانازیی پێوە دەکا و بۆ ڕاگرتن و پەرە پیدانی کاری زۆری کردوە.

هەیاس کاردۆ

## تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی بەرگری

ئەدەبی بەرگری هێندێک تایبەتمەندیی هەن کە لە بەشەکانی دیکەی ئەدەبی جیا دەکاتەوە. لێرە دا ئەمن ئیشارە بە سێ تایبەتمەندی دەکەم کە ئەوانەن:

یەکەم؛ کەڵک وەرگرتن لە سێمبول. سێمبول لە ئەدەبی بەرگری دا کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە کە زیاتر بۆ نیشان دانی توانای لە شکان نەهاتووی بەرگریکاران کەڵکی لێ وەردەگیرێ. سێمبول دەتوانێ خۆی لە کەسەکان دا بنوێنێ. یا دەتوانێ بە ناوی دیکە بێتە مەیدان، وەک شەهید، شاخ، گوڵاڵە سوورە، ئەسپ، ڕێگا، شەپۆلی دەریا، تیشکی خۆر و هی دیکە.

دووهەم؛ ئەدەبی بەرگری سیمایەکی ئینسانیی گشتیی هەیە کە هەموو کەس دەتوانێ بە هی خۆی بزانێ و دەگەڵی دە پێوەندی دا بێ. بە زمانێکی دیکە، ئەدەبی بەرگری هەر چەند لە زەمانێکی دیاری کراودا و بۆ ڕووداوێکی تایبەت دێتە بەرهەم، بەڵام چونکە پەیامی دژی چەوسانەوە و داگیرکەریی پێیە، هەموو لایەک لە خۆیانی بە نیزیک دەزانن و زوو ئۆگری دەبن.

سێهەم؛ بەرهەمە بە ناوبانگەکانی ئەدەبی بەرگری جیا لەوە کە لە باری زمان و جوانکارییەوە جێگای تێرامان و ستایشن، لە باری فکرییشەوە دەتوانن مەکتەبێک بن بۆ لێ فێر بوون و تەنانەت دۆزینەوەی ڕێگای ژیان. ئەو بەرهەمانە کە لە سەبک و شکڵی جیاوازدا بەرچاو دەکەون خاوەنی نێوەرۆکێکی زۆر ئینسانی و عەداڵەتخوازانەن کە کەس ناتوانێ ئینکاریان بکا.

## لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی بەرگری

### ١- کێشانەوەی سیمای هەژاری و ستەملێکراوی!

ئەدەبی بەرگری بە شێوەیەکی بەرین لە ڕەنجی خەڵک دەدوێ و باسی هەژاری، چەوسانەوە، برسییەتی، فەساد، جینایەت و شتی لەو بابەتانە دەکا کە هەمووی بەرهەمی ئیستبداد و خەفەقان و زوڵم و زۆرە. لە ڕاستییدا ئەدەبی بەرگری ئاوێنەی باڵا نوێنی ئەو ئازار و مەینەت و کوێرەوەرییانەیە کە خەڵک ڕۆژانە دەگەڵی بەرەوڕوون. لەم نموونەی خوارەوە دا شاعیری بۆلیویایی بەم جۆرە لە بەدبەختیی خەڵک دەدوێ:



سەرچاوە Serchawe

هەیاس کاردۆ

"بیابانێکی بێ باران، بە گژ و گیای سووتاوەوە. مێگەلێکی بەرەڵا، کە وەدوای گیاکەڵەیەک دەکەوێ، بەڵام لمبۆزی لە عەرزی سووتاو دەسوێ. شوانێکی منداڵکارەی نیگەران، بە شمشاڵەکەی ئەم ئاوازە دەڵێتەوە: مەرگێکی سادە و پڕ ئێش، لە سروشتێکی جوان و هەژارانەدا. ئەوەیە بەشی ئێمە، لە هەموو وڵاتی بۆلیوی."(شاعیر وابزانم ئۆسکار سێرۆتۆی بۆلیویاییە. وەرگێڕان هی خۆمە. هەیاس)

## ٢- داوا کردن لە خەڵک بۆ بەشداریی لە خەبات دا!

ئەدەبی بەرگری، زمانێکی بێ باک و خۆڕاگر و پڕ کێشەیە کە بەردەوام باسی خۆڕاگری و فیداکاری دەکا. ئەم خۆڕاگرییە جاری وایە وەک بەرز کردنەوەی هاوار بە گوێ دەگا و زۆر جاریش دەبێتە گوللەی چەکی خەڵک و بە گژ سوپای چەوسێنەر دا دێتەوە. گوێ بۆ ئەم نموونەیە ڕاگرن کە چۆن شاعیر بە وشەی ئاگرین کۆمەڵانی خەڵک هان دەدا لە پێ نەکەون و بۆ ئازادیی نیشتمان هەرچی لە دەستیان دێ بیکەن:

"بە سازەکانتان هاواری نیشتمان لێ بدەن، بۆ ئەوەی گۆرانییە نەبیستراوەکان، وەک خوێنی تازە، بە دەمارەکان دا وەگەڕ کەوێ و، ئەوین وەک جوانترین کچی خۆماڵی لە نێو ئاڵقەی بەهار و ئازادی دا، دەست ڕاوشێنێ. ئاواتە خنکاوەکانتان، دیسان لە نێو گەرووتان دا دەنگ دەدەنەوە و سروودەکانتان، بەرگی پۆڵایین بە لەشی زەحمەتکێشان دا دەکەن. هەرچی میراتی شێلاق وێکەوتووەکان هەیە، بیخەنە سەر گیتارەکانتان. برینەکانتان، وەک فڕینی کۆترە باڵ سوورەکان و سۆزی دەنگتان، وەک قومە ئاوێکی خۆش بۆ تەڕکردنی گەرووی نیشتمان بەکار بێنن. بێ ئەوەی نەفەس تازە کەنەوە، بەردەوام سازەکانتان لێ بدەن."(شاعیر، پابلۆ نرۆدای شیلی، وەرگێڕان هی خۆمە. هەیاس)

## ٣- باسی جینایەتەکانی دوژمن

لە وڵاتە دیکتاتۆڕ لێدراوەکان دا کە قسەی دەسەڵاتدار هەم قانوونە و هەم بەڕیوەبەری قانوون، ئەشکەنجە، کوشتار و پەلاماری خەڵک شتێکی باوە و هیچ لێپرسینەوەیەکی نییە. ئەدەبی بەرگری ئەو جینایەتانە زۆر بە جوانی باس دەکا و تەنانەت وایان زەق دەکاتەوە کە ویژدانەکان وەخەبەر بێنێ.

### سەیری ئەم نموونەیە بکەن:

"دەنگی هەنگاوەکانیان بەرز بوو. دەنگیان بۆنی مەرگی لێ دەهات. چاویان وەک چاوی دڕندەکان دەچوو کە شەوەی شەڕ دای

پۆشیبوون. ئێوە کێن؟ پێویست بە ناو ناکا، هاتووین هێندێک شتتان پێ بناسێنین.... ئەمجار، هێمنیی شەو، بە دەنگی گوللەیەک شکا و ڕێچکەیەکی باریکی خوێن، بە بێدەنگی وەڕێ کەوت. لە سەر جەستەی زەرد هەڵگەڕاو، کوتە کاغەزێکم دیتەوە، لێی نووسرابوو: حوکمی قانوون، لە سەر تیرۆریستێک بەڕێوە چوو." (جەواد جەمیل شاعیری عێراقی. وەرگێڕان هی خۆمە. هەیاس)

## ٤- پێ هەڵگوتن بە شەهیدان و تاریفی ئازایەتییان

شەهیدانی ڕێگای ئازادی، چ ئەوانەی لە زیندانەکان لە ژێر ئەشکەنجە دا گیان بەخت دەکەن، چ ئەوانەی لە سەنگەری بەرگری دا شەهید دەبن و چ ئەوانەش کە وەک پارمەتیدەری خەباتگێڕان دوکوژرێن، نوێنگەی ئازایەتی و سەرفیرازین و هەر بۆیە ئەدەبی بەرگری زۆر بە حەماسەتەوە باسیان دەکا. لەم نموونەیە دا خوێنی شەهید دەبێتە پاک کەرەوەی لەشەکان:

"ئەی قارەمانان، ئەوە خوێنی ئێوەیە کە لە دڵم دا وەک ئەستێرە خوشی و ئەوینی لە من دا پەروەردە کرد. چ لەشێک بەو خوێنە ئاڵە پاک نابێتەوە؟" (سنییە ساڵح، شاعیری سووری، وەرگێڕان هی خۆمە. هەیاس)

یان ئەو وێنەیە کە بۆ شەهید بوونی ویکتۆر خارا لە شیلی گوتراوە:

"یادی لە پرۆسەی ژیانی بێ باکانەی دا وەبیر دێنینەوە، کە زایەڵەی هاوارەکانی، وەک ناقووسی بەربەیانی، خەوی لە چاوی ئەم قاڕرەیە دەزڕاند. ئەو میراتی هاووڵاتییانی پێخواس، ڕۆڵەی بێ هاوتای خەڵکی لاتین، ویکتۆر خارایە." (ئالە خاندروگازە، شاعیری ئیلسالوادۆڕی، وەرگێڕانی خۆمە، هەیاس)

## ٥- دانی هیوا و هومێد بە خەباتکاران

ئەدەبیاتی بەرگری بە گشتی سەبارەت بە دواڕۆژ خۆشبینە و بە هەموو جۆر دەیەوێ ئاسۆی ڕوون پێشانی خەڵک بدا. هەرچەند ئەو ئەدەبە بە قووڵایی خەم و مەینەتەکانی خەڵک دا دەچێتە خوار، باسی مەرگ و برسیەتی و ماڵ وێرانی دەکا، لە زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام دەدوێ، وێران کردنی شار و گوندان دێنێتە پێش چاو، بەڵام قەت تۆزی ناهومێدی ڕوخساری ناگرێ و دایمە بە سەرکەوتن هیوادارە.

### ٦- پێدا هەڵگوتن بە ئازادی و ئازادیخوازی

ئەدەبی بەرگری لە دایک بووی خەبات لە پێناو ئازادییە و هەر بۆیە بە هەموو زمانێک بە ئازادی هەڵ دەڵێ. دیارە ئازادیخواز کە شەڕکەری ئەو ڕێگا پیرۆزەیە، لە ئەدەبیاتی بەرگریدا جێگایەکی تایبەتی هەیە و لەڕاستیدا دەبێتە نوێنگەی ژیانی سەربەرزانە.

### ٧- خاک و وڵات خۆشەویستی

ئەدەبی بەرگری هەروەها خاک و وڵاتی خۆش دەوێ و لە پێناو ئازادیی ئەو خاکە دایە کە پێی ناوەتە مەیدان. وڵات خۆشەویستی لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەدەبەیە و هەر بۆیە دەیەوێ خاک و وڵات بەجۆرێک لای خەباتگێڕان شیرن بکا کە مردن لە پێناوی دا وەک شانازییەک سەیر بکەن. ئەوە لایەنێکی گرینگی ئەدەبی بەرگرییە.

### ٨- زیندوو کردنەوەی سیما ئەفسانەیی و حەماسییەکانی نەتەوە

ئەدەبی بەرگری بۆ ڕاگرتنی ڕووحی خەبات و خۆڕاگری، سیما ئەفسانەیی و حەماسییەکانی نەتەوە زیندوو دەکاتەوە و دایمە لە بەر چاوی خەباتگێڕان دەیان نوێنێ. گرینگیی ئەو کارە لەوەدایە کە سیمای ئەفسانەیی نەتەوەیەک هێز و گوڕی زۆر بە خەباتکار دەبەخشێ، دەبێتە پاڵپشتی و لە درێژەی ڕێگا ماندووی ناکا.

٢٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٥

---

هەیاس کاردۆ

## بەشی پێنجەم،



### کورد و ئەدەبی بەرگری،

هەر وەک لە نێوەرۆکی سروودی نەتەوایەتیمان ڕا دیارە کە دەڵێ "ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین، سەیری کە خوێناوییە ڕابوردوومان"، نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو دە خەبات و بەربەرەکانێ دا بوە بۆ ئەوەی مان و مەوجوودییەتی خۆی بپارێزێ. بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین هیچ نەتەوەیەک بە ڕادەی کورد لە ڕەوتی دوورودرێژی زەمان دا بۆ گەیشتن بە ئازادی هەوڵی نەداوە و خەباتی نەکردوە. ئەگەر ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر وەک کەسایەتییەکی کورد قبووڵ بکەین کە بە گژ دەسەڵاتی زوحاک دا چۆوە، دەبینین هەوڵی مرۆڤی کورد بۆ ڕزگاری لە چنگ زوڵم و ستەم زۆر کۆنە. "شەرەفنامەی شەرەفخانی بیدلیسی" کە ساڵی ١٥٩٧ی زایینی نووسراوە سەرچاوەیەکی مێژوویی و ئەدەبیی بە نرخە کە باسی کورد بە گشتی و خەبات و خۆڕاگرییەکانی دەکا. هەر لە کتێبی شەرەفنامە دایە کە داستانی خەمهێنەر و تراژیکی قەڵای دمدم دێتە

گۆڕێ و دواتر دەبێتە بەیت و ڕۆمانی زۆر شیرینی لەسەر دەنووسرێ. لە سەر حەماسەی قەڵای دمدم کە نموونەیەکی زۆر بەرزە لە خۆڕاگریی کورد هەتا ئێستا بەیت و داستان و شیعر و ڕۆمانی زۆر بڵاو بوونەتەوە کە نموونەیەکی ڕۆمانی قەڵای دمدم بەرهەمی عەرەب شامیلۆڤ یان بە زاراوەی خۆمان عەرەبی شەمۆیە کە لە کوردستانی بەشی ژێر دەستی سۆڤیەت ژیاوە. لە زەمانی شا عەبباسی سەفەوی دا لە ئێران، خانۆی لەپ زێڕین یەکێک لەو سەرۆک عەشیرەتانەی کورد بوو کە لە ناوچەی ئورمیە دەژیا. ناوبراو بۆ ئەوەی خەڵکەکەی لە پەلامار و دەستدرێژی بپارێزێ بیری دروست کردنی قەڵایەکی کرد و لە سەر گردێکی ئەو ناوچەیە پلانی قەڵاکەی داڕشت و دروستی کرد. هەواڵ بە شا عەبباس گەیشت کە فلانە سەرۆک خێڵ خەریکی هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی شایە و قەڵای دروست کردوە بۆ ئەوەی سەربزێوی بکا. شا دەسەری کرد یان دەبێ قەڵاکەی وێران بکا یان خۆی بۆ پەلامار ئامادە بکا. خانۆ جوابی نەدایەوە و خۆی بۆ بەرگری ساز کرد. کاتێک سوپای شا عەبباس هات و چەند جار پەلاماری قەڵای دا، بە سەر شۆڕی گەڕایەوە و چی بۆ نەکرا. سەرئەنجام لە خۆفرۆشی نێو خۆیی کەڵکی وەرگرت و بە هۆی ئەوەوە سەرچاوەی ئاوی قەڵاکەی دۆزیەوە کە لە دەرەوەی قەڵا بوو. سوپای شا عەبباس سەرچاوەی ئاویان هەڵبڕی و خەڵکی نێو قەڵایان تووشی بێ ئاوی کرد. بەو حاڵەش بەربەرەکانی هەر درێژەی کێشا و خانۆی لەپ زێڕین خۆی بەدەستەوە نەدا. سەرئەنجام خانۆ دەستووری دا قەڵاکە بتەقێننەوە بۆ ئەوەی بە ساغی نەکەوێتە دەستی سوپای پەلاماردەر و بەم جۆرە هەم خۆی و خەڵکەکەی تێدا چوون و هەم قەڵاکە وێران بوو. لە ڕۆمانی قەڵای دمدم دا باسی ئەوە کراوە کە خانۆ پرسی بە خەڵکی قەڵا کردوە داخوا خۆ تەسلیم بکەن یا سەربەرزانە بمرن کە هەموو ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردوە.

**کۆتایی داستانی قەڵای دمدم بەم جۆرەیە:**

**"خانۆ کە بۆی ڕوون بۆوە هەموو بە بڕیاری وی ڕازین، دەست بەجێ گوتی:**

**کوڕگەل زوو کەن،**
**باڕووتی لە چاڵ دەر کەن،**
**قەلای دمدم ئۆغر کەن،**
**کوردان خۆ تەسلیم ناکەن..**
**خێرا عاردیان کۆڵاوە،**
**باڕووتیان لە چاڵ هەڵداوە،**
**قەڵای دمدمیان تەقاند،**
**بە هەموو کوردستانیان ڕاگەیاند،**
**هەویای شا عەبباس وەدی نەهات،**

هەیاس کاردۆ

خانۆ لە دین دەرنەهات،
تەسلیم بە شا عەبباس نەبوو،
بۆ خاس و عامان عەیان بوو،
بلا کوردان بزانن،
گەر خۆ بە خۆ غەیان بن،
دایمە بێ وڵات دەبن،
سەرشۆڕ و ژێر دەست دەبن". (وەرگێراو لە ڕۆمانی قەڵای دمدم، عەرەبی شەمۆ، وەرگێڕانی شوکور مستەفا)

بەمجۆرە حەماسەی قەڵای دمدم تەواو بوو، بەڵام خەباتی کوردان بە شکڵی دیکە درێژەی کێشا. جێگای سەرنجە کاتێک سەردارخانی سەرلەشکری شاعەبباس دەچێتە نێو قەڵاکە و ئەو خەڵکەی ئاوا دەبینێ دەڵێ:

"بەڕاستی خەڵکێکی نەبەز و کۆڵنەدەرن. ئەو هەموو چەتوونی و فەلاکەتەیان تووش بوو هێشتا تەسلیم نەبوون". (هەمان سەرچاوەی سەرەوە)

مەم و زینی ئەحمەدی خانی نموونەیەکی زیندووی ئەدەبی بەرگریی کوردە کە زیاتر لە ٣٠٠ ساڵ لەوە پێش نووسراوە. هەر چەند داستانی مەم و زین بۆ مەسەلەی دڵداری تەرخان کراوە بەڵام، هەستی نەتەوەپەرستی، خەباتگێڕی و بیری ڕزگاری بە تەواوی بەسەر دارشتنەکە دا دیارە و هەر بۆیە مەم و زین بە شاکارێکی حەماسی نەتەوایەتی دەناسرێ.

لە پێشەکیی مەم و زین دا دەخوێنینەوە:

"بۆ مەش کە ببایە سەربلێندێک زۆرزان و بە بیر و مەرد و ڕەندێک
نەخشێ لە دروای مەش درابوو بێ نرخ و چرووک و باو نەمابوو
بۆ مەش کە هەبایە پادشایێ خوا تانجێکی پێ ببەخشایە
پەیدا دەبوو ڕێز و گەورەیی و ناو ڕەنگو کری مەش دەهاتە بەرچاو
ئێمەی لە کەساسی دەردەهێنا بێستانی هیوای وەبەر دەهێنا
ترکان نەدەبوون بەسەر مەدا زاڵ بۆ کوند نەدەبووینە لانە و ماڵ
چۆن بۆ عەجەمان دەبووینە ژێر دەست ژێر دەستی شتی وەها نەوی و پەست
بێ شەرمییە ژێر دەستیی ئەمانە ئەم شەرمە لە پیاوە گەورەکانە" (دیوانی مەم و زین، وەرگێڕانی هەژار موکریانی)

**هەیاس کاردۆ**

**هەر بەدوای ئەم باسە دا خانیی مەزن دەڵێ:**

**"کێ دەستی درێژ بکاتە شیری هەرچی بیەوێ دەخاتە گیری**
**ئەم بووکی جیهانە بۆ کوڕێکە شیرێکی بەدەست و شێر دڕێکە" (سەرچاوەی سەرەوە)**

**بە گشتی بناغەی کۆشکێک کە ئەحمەدی خانی ساڵی ١٦٩٢ی زایینی بۆ بیری نەتەوایەتی و خەباتگێڕی داینـاوە، هەتـا ئێستاش هەروا بەرەو هەڵکشانە و ئەم کۆشکی پڕ لە ڕاز و ڕەمزە بە خوێنی تێکۆشەران و خامەی ئەدیب و وێژەوانانی کورد هەروا جوانتر ودڵگیرتر دەبێ. لە سەدەی نۆزدەی زایینییەوە کە خەباتی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی بە شکڵی ڕاپەڕینی بەرین خۆی نواند و هاوکات بێ ڕەحمیی دوژمنیش سنووری مرۆڤایەتیی بەزاند، دیسان ئەدیبانی کورد دەنگیان هەڵبڕی و هاواری ئەم گەلەیان بەرز کردەوە. دوای ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی سەرقافڵەی شاعیرانی مەیدانی نەتەوەییە کە بە سۆزی شاعیرانەی دەنگی خەباتی حەقخوازانەی بەرز کردۆتەوە.**

**نموونەیەکی چووک لە سۆزی حاجی قادر بەرانبەر نەتەوەکەی:**

**"دەتەوێ پێت بڵێم چییەکوردی، عاقڵی و چاپوکی و جەوانمەردی.**
**میللەتێکە لە فەوقی تورک و عەجەم، صاحیبی حەزم و ڕەزم و بەزم و کەرەم"**

**یان دەڵێ:**

**"بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە ئەمن خامەم هەیە و شیر نادیارە" (دیوانی حاجی قادری کۆیی)**

**سەدەی بیست، سەدەی وشیاریی نەتەوەیی و ڕاپەڕینە یەک لە دوای یەکەکانی ڕۆڵەکانی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستییە. گرینگیی ئەم دەورەیەی خەباتی کورد دەوەدایە کە ڕێبەریی بزووتنەوە سازماندراو دەبێ و حیزبی سیاسی پێ دەنێتە جەرگەی خەبات. لە یەکەم هەوڵەکانی ڕێبەریی خەبات لەم دەورەیە دا دۆزینەوەی ناوێکی پڕ مانا و پڕ لە ڕەمز و ڕاز بۆ خەباتکارانی ڕێی ئازادییە کە بە دەستنیشان کردنی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە زەمانی کۆماری کوردستان دا، ئەم پرۆسەیە تەکمیل دەبێ. بە هاتنە ئارای ناوی پێشمەرگە وەک سێمبولی خەبات وخۆڕاگری، هەم ڕەوتی فیداکاریی کورد بۆ خەبات ئاڵوگۆڕی تێدا پێک هات و هەم ئەدیبان و نووسەرانی کورد سووژەی جوانتر و پڕ ماناتریان بۆ پێدا هەڵگوتن بە خەباتکاری کورد وەگیر کەوت. بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم وشەی پێشمەرگە جوانترین و پڕ ماناترین ناوێکە کە دەکرێ بۆ**



سەرچاوە
Serchawe

هەیاس کاردۆ

خەباتکارێکی ڕێی ئازادیی کورد دیاری بکرێ. دەزانم لە نێو گەلانی دیکە دا ناوی جۆراوجۆری وەک چریک، موجاهید، میلیشیا، گریلا و هی دیکە هەن کە هەر یەک ڕەنگە تایبەتمەندیی خۆیان هەبێ، بەڵام وشەی پێشمەرگە هەڵگری هەموو ئەو مانایانەیە کە تێکۆشەری کورد دەبێ هەی بن. هەر وەک چۆن دانانی خودی وشەی پێشمەرگە بۆ خەباتکاری کورد لە زەمانی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا بوو،

یەکەم شیعریش کە بە تاریفی پێشمەرگە دا بێتە خوار هەر لەو زەمانەدا بوو کە لە هەستی مامۆستا هێمنی موکریانییەوە سەرچاوەی گرت:

"پێشمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ بەرگەی ناگرێ نە شێر نە پڵەنگ
دوژمنی ئێمە تازە بکا دەنگ سینگی دەسمن بە گوللەی تفەنگ
ڕۆژی بەرگری و شەڕ و تەنگانە پاڵەوانێکە هەر یەک لەوانە
بە کوێریی چاوی پیسی بێگانە ئەمڕۆکە ڕۆژی جێژنی کوردانە (دیوانی تاریک و ڕوون) "

ڕەوتی خەباتی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان نەک هەر ڕانەوەستا، بگرە پەرەی گرت. زۆری پێ نەچوو لە باشووری کوردستان هەستانی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکمان دیت کە پاش هاتنەوەی بارزانی لە دوورە وڵاتی دەستی پێ کرد. ئینجا دیسان لە ڕۆژهەڵات خەباتی چەکداری دەستی پێ کردەوە و بە تایبەت دوای شۆڕشی ئێران ئەو خەباتە پێی نایە قۆناغێکی بەرین، بە جۆرێک کە بەشی هەرە زۆری خەڵک تێیدا بەشدار بوون. ئینجا لە باکووری کوردستان بزووتەوەیەکی بەرین سەری هەڵدا و لە باشووریش وێڕای برینی هەوراز و لێژێکی زۆر، ئێستا کە دەبینین ئاکامی ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانە لەو بەشە لە خاکی کوردستان بەرهەمێکی نیوە چڵی لێ کەوتۆتەوە و لە بەشەکانی دیکەش خەبات هەروا بەردەوامە. دیارە خەبات بێ خۆڕاگری ناکرێ و قوربانیدان و فیداکاریی زۆری دەوێ. کورد بە گشتی و هێزی پێشمەرگەی کورد نیشانی داوە لە پێناو گەیشتن بە ئاوات و ئازادییەکانی دا ئامادەی هەر جۆرە فیداکارییەکە. بوونی ئەو خەباتە سەختە و بەربەرەکانییەکی زۆر نابەرامبەری پێشمەرگە دەگەڵ هێزی دوژمن، سەرنجی ئەدیبان و هونەرمەندانی کوردی ڕاکێشاوە و هانی داون دەگەڵ پێشمەرگە بچن دە سەنگەرەوە و باسی ئەو خەباتە قارەمانانەیە بە وشەی ناسک و لەبەر دڵان بگێڕنەوە.

لە درێژەی ئەو ساڵە سەختانەی خەبات وخۆڕاگریی کورد دا کەم شاعیری کورد هەیە بەشێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بۆ باسی بەرگری تەرخان نەکردبێ. ناو هێنانی هەموو ئەو شاعیرانەی کە لە بواری ئەدەبی بەرگری دا بەرهەمیان هەیە کارێکی ئاسان نییە، هەر بۆیە لێرەدا من بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک کە پێم وایە زۆر بەرزن، ڕێز لە هەموو



سەرچاوە
Serchawe

## ڕوانینێکی خۆماڵییانە لە ئەدەبیاتی بەرگری!

**هەیاس کاردۆ**

**شاعیرانی بە ئەمەگی کورد دەگرم کە دڵیان لە لای خەباتی گەلەکەیان بوە و پێ بە پێی پێشمەرگە چوون دە سەنگەری بەرگرییەوە. بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم ژمارەیەک لە شیعری بەرگریی شاعیرانی کورد ئەوەندە بەرزن کە تەنیا ئەو شیعرانە بەسن بۆ ئەوەی شاعیرەکانیان بگەیەننە لووتکە.**

**یەک لەوانە شیعری سەربازی ونە کە ڕەنگە هەمووتان بیزانن:**

**"کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ،**
**بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون،**
**تاجە گوڵینەیەک دێنێ.**
**ئەگەر سبەی وەفدێک بێتە وڵاتی من،**
**لێم بپرسێ کوانێ گۆڕی سەربازی ون،**
**دەڵێم گەورەم:**
**لە کەناری هەر جۆگەیەک،**
**لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ،**
**لەبەر دەرگای هەر ماڵێ،**
**هەر کلیسەێ،**
**هەر ئەشکەوتێ،**
**لەسەر گابەردی هەر شاخێ،**
**لەسەر درەختی هەر باخێ،**
**لەم وڵاتە،**
**لەسەر هەر بستە زەمینێ،**
**لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ،**
**مەترسە،**
**کەمێک سەرداخە و تاجە گوڵینەکەت دانێ" (مامۆستا عەبدوڵلا پەشێو)**


**٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

هەیاس کاردۆ

## بەشی حەوتەم.



بە خۆشییەوە نموونەی یەکجار زۆر لە شیعری بەرگری لە نێو شاعیرانی کورد دا هەیە و ئەگەر بمانەوێ باسیان بکەین دەبێ چەندین شەو لێرە بمێنینەوە. بەڵام حەیفە کۆتایی ئەم بەشە بەو شیعرە جوانە دەر نەبڕین کە هەر چەند لە خانەی ئەدەبی بەرگری دایە بەڵام حەزی لە ئازادی، ئاشتی و ئاسایشە و لە خوێن ڕشتن بێزارە.

"نایەڵن قەت چێژی ئازادی بچێژم من، دەنا
خوێنی شیرینم دەوێ، کوا تەرمی خوێنینم دەوێ؟
بواری وەم نادەن لە نێو مێرگە (چەکۆ) هەڵتووتەکێم
چونکە پرسەی دایکی مل بەکوێن و سەرشینم دەوێ
نایەڵن ئاسوودە دانیشم لە داوێنی چیام
قاسپە قاسپی خاسە کەو بێ! کوا گرمەیی مینم دەوێ؟
ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی
چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ؟

**هەیاس کاردۆ**

**نامەوێ خوێن بڕژێ، یا بۆنی کەلاکی کۆن بکەم**

**ڕەنگی مێلاقە و گوڵاڵە و بۆنی نەسرینم دەوێ" (مامۆستای کۆچکردوو هێمن)**

**لە نێو ڕۆمان نووسەکان دا ژمارەیەکیان گرینگیی زۆریان بەو بەشە لە ئەدەب داوە و بەرهەمی زۆر پڕ نێوەرۆکیان خستۆتە نێو کتێبخانەی کوردی.**

**هەر بۆ نموونە لێرە دا دەتوانم ناوی ئەم ڕۆمانانە بەرم کە خۆم ئاگاداریانم:**

**- "ژانی گەل" نووسراوی برایم ئەحمەد.**
**- "تۆڵە" نووسراوی محەممەد موکری.**
**- "هەرەس" نووسراوی محەممەد موکری.**
**- "پێشمەرگە" نووسراوی ڕەحیمی سەیفی قازی.**
**- "بەزم و ڕەزمی شاخ" نووسراوی قاسمی قازی.**
**- "ئازاری خەونەکان" نووسراوی عەلی فەتحی.**
**- "تەسلیم یا مەرگ" نووسراوی عەلی فەتحی**

**و ڕەنگە گەلێکی دیکەشمان هەبن.**

**جگە لە ڕۆمان کورتە چیرۆک و داستانی زۆر لەو بارەوە نووسراون و بڵاو بوونەتەوە کە جێگای نییە لێرە دا جێ بکرێنەوە. لە بواری پەخشان دا ئەدەبی بەرگری یەکجار دەوڵەمەندە و دەکرێ بڵێم جوانترین و ناسکترین وشەی کوردی لە قالبی پەخشان دا خۆیان ڕێک خستوە و بە بەژن و باڵای خەباتکاری کوردیان هەڵ گوتوە. لە بواری پەخشان دا نابێ جێگا و ڕۆڵی ڕادیۆکانی شۆڕش لە بیر بکەین. بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر ڕادیۆکانی شۆڕش گرینگترین سەرچاوەی هاندانی خەڵک بۆ ڕاوەستان لە بەرانبەر سوپای داگیرکەر بوون و بە تایبەت پێش بڵاو بوونەوەی زۆرێک لە هەواڵەکانی شەڕ پەخشانی ئەوەندە ناسک و زەریف و حەماسی بڵاو دەبوونەوە کە دڵی بەردیان نەرم دەکرد. ڕەنگە هاسان نەبێ ناوی نووسەرانی ئەو پەخشانە جوانانە بدۆزرێنەوە، بەڵام وێژەرە ناودارەکانی وەک: باست غەریب و فەرهاد سەنگاوی لە دەنگی گەلی کوردستان، حەمەی کەماڵی لە ڕادیۆی شۆڕشی کۆمەڵە و ئەحمەد شێربەگی لە دەنگی کوردستانی ئێران بە دەنگی گەرم و هاواری پڕ لە سۆزیان چێژی تایبەتییان دەدا بەو نووسراوانە و دڵی هەزاران کەسیان دێنایە جۆش. خۆزگە کوردیش بنیاتێکی تایبەتی بۆ کۆ کردنەوەی هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی بواری بەرگری ساز دەکرد بۆ ئەوەی ئەو گەنجە بایبدارانە بخرێنە سەر خەزێنەی ئەدەبی دەوڵەمەندی کوردی.**



سەرچاوە
Serchawe

هەیاس کاردۆ

**با بە یەکەوە نامەی پێشمەرگەیەک بۆ خۆشەویستەکەی بخوێنینەوە کە لە قالبی پەخشانێکی هەست بزوێن دا نووسراوە:**

**"خەمڕەوێنەکەم**

لە سەر نامەی ئەمجارەم دڵۆپێک خوێنت بۆ دەنێرم. ئەوە خوێنی جەستەمە کە بەڵێننامەی گیانفیدایی لە ڕێی کوردستانی پێ مۆر دەکەم. پەیمانێکیشە لەگەڵ تۆ کە تا دوادڵۆپی خوێنم، کۆتری یادت لە هێلانەی دڵم دەرنەکەم. ئەوە عەهدێکە بە تۆ و نیشتمانی دەدەم کە تا ئەو ڕۆژەی میری هەناسەم کۆشکی دڵم بە جێدێڵێ، یادی ئێوە بکەمە مەشخەڵی ڕووناکی ژیان.

ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، ئازاری برینێکی شیرین جەستەمی داگرتووە. برینێک کە وەک شلێرە لەسەر جەستەم ڕواوە و کوێستانی هیممەتمی ڕازاندۆتەوە. ئێستا هەستدەکەم کە کوردستانی دایک منی بە ڕۆڵەی خۆی وەرگرتووە و بۆ سارێژی برینەکەم لایە لایەی سەربەستیم بۆ دەڵێ. بەڵێ، من بریندار بووم.

پێرێ شەو یاوەرانی هەڵۆ لە گوندەکەی سەر جادە هەواڵیان پێداین کە کەمتیارەکان دەیانەوێ بە پێ دزە پەرژینی پاراستنمان ببەزێنن و هەواری پڕ گوڵ و ڕیحانەمان داگیر بکەن. کە فەرماندە هاواری کرد، پڵینگ ئاسا داوێن و دۆڵ و لووتکەی هەوارمان لە ئامێز گرت. زەوی لە ژێر پێی پێشمەرگەدا دەلەرییەوە. بورکانی تۆڵە تەقییەوە و ئاگرمان لە جەستەی نەیاران بەردا. لێرە نەبووی تا ببینی چۆن گزنگی ئاگرینی چەکی پێشمەرگە، شەختە و سەهۆڵبەندانی جەستەی چەقەڵ و ڕێوییەکانی دەتواندەوە. چاوت لێ نەبوو کە چۆن بارانی گوللەی کوڕانی چیا، لافاو ئاسا، جەستەی دوژمنی بە تاشەبەردی شاخدا دەدا. نەتبینی کە چۆن گەردەلوولی ڕقی هەناسەی شاخ، کۆشکی خەیاڵیی کەمتیارەکانی ڕادەماڵی و وەک گەڵای پاییز لاشەیانی یەک بە یەک دەوەراند.

ئێمەش بە ئاهەنگی قرمژنی گوللە، لە گۆڕەپانی (سەربەرزی) دا، سەرچۆپی مردن بۆ ژیانمان گرتبووە دەست و خوێنی خۆمان دەکردە شاباشی باڵای بەرزی کوردستان. ئەو ئاهەنگە بۆ ئێمە شایی و گۆڤەند بوو، بۆ دوژمنیش سەمفۆنیای مەرگ. لە گەرمەی هەڵپەڕیندا، ئازارێک گیانی داگیر کردم و چاوم لە خوێنم بوو کە لۆزەوی دەبوو. لە پەنای بەردێک دانیشتم. هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی. بۆنی باڕووت و دووکەڵیش نەیتوانیبوو، بەرامەی هەڵاڵە و بەیبوونی کوێستانەکان بزربکات. سەیری شاخەکەم کرد، ڕوو لە من پێدەکەنی. لە دارێکم ڕوانی، هاتبووە سەما. چاوم لە ئاسمان بڕی، هەتاویش خوێنی لێدەتکا. کە لە دوژمن وردبوومەوە، چۆکی دادابوو، پشتی شکا.

## هەیاس کاردۆ

ئای چەند شیرینە ئازارێک کە لە پێناو مەبەستێکدا دەیچێژی. هەرگیز ئەو ساتانەم لە بیر ناچێ کە لە بن ئەو بەردە، لە گەرمەی شەڕ و بارانی ئاگر، ئەسپی خەیاڵم بەرەو باخی یادی تۆ تاو دا. کە پێتگەیشتم، دەستت لەسەر برینەکەم دانا و خوێنەکەت لە ڕوخسارت دا و گوتت " بە خوێنی تۆ ڕووم سوور دەکەم بۆ ئەوەی ڕووسوورترین کچی ئەم دنیایە بم". لە بیرمە پەلکەی ڕیحانەکەی ناو دەستت بە فرمێسک تەڕ کرد و لەسەر برینەکەمت دانا. ئازارەکەم وردە وردە کەم بووەوە. خەونووچکەیەک بردمیەوە. گوێم لێبوو بە هێمنی پێت وتم " هەستە برۆ، پۆلە هەڵۆکانی هاوڕێت چاوەڕێتن. مەهێڵە سووکە برینێک بارانی گوللەت وشک بکات". کە وەخۆ هاتمەوە، دیتم چەکەکەم بە دیارمەوە هەڵکورماوە و بە خەمباری لێم دەڕوانێ. لە بن بەردەکەش پەپوولەیەک بە ماتی چاوی تێبڕیبووم.

پەنجە خوێناوییەکەم هێنایە بەرچاوم. وێنەی یارانی شەهیدم بە بەر چاوما تێپەڕ دەبوون. وەبیر فرمێسکی هەزاران دایک و باوکی ڕۆڵەکوژراو و منداڵی هەتیو کەوتم. دیمەنی سووتاوی سەدان گوندی وڵاتەکەم لە بەر دیدەم ڕیچکەیان بەست. هەستم بە بۆکرووزی جەرگی هەڵقرچاوی هەزاران بووکی کۆستکەوتوو کرد. وەبیر خۆم هێنایەوە کە (هەڵۆ لە ئاسماندا نەبێ نامرێ). هاتمە سەر چۆک. دیتم پەپوولەکەش باڵی دەبزوێ و گەش گەش لێم دەڕوانێ. دەستە ساخەکەم بۆ لای کلاشینکۆفەکەم برد. هەڵمگرت، ماچم کرد و ئەویش لە ناو دەستی من و لە مەتەرێزی پارێزگاری لە سەربەستی دا، قاقا پێدەکەنی. ئەوەندەم دی لە بەر دەمم گەڵای وشکی نەیارانمان هەڵدەوەرین. لەولاتریش هەڵۆکان هەڵدەفڕین و پڕ بە باڵای کوردستان هاواریان دەکرد (من پێشمەرگەی کوردستانم، ئامادەی جەرگەی خەباتم.")

(لە کتێبی "نامەکانی پێشمەرگەیەک" وەرگیراوە کە بەرهەمی قەڵەم ڕەنگین کاک موحسین خالیدییە و ٢٧ نامەی پڕ نێوەرۆکی دەخۆی گرتوە)


٣٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

هەیاس کاردۆ

## بەشی هەشتەم و کۆتایی،




ئەدەبی بەرگری تەنیا بریتی نییە لە شیعر و ڕۆمان و پەخشان، بەشێکی زۆری بیرەوەرییەکانی کاتی بەرگرییش هەر دەکەونە ئەو بوارەوە. هەروەها زۆرێک نامەی نێوان خەباتگێڕان بە جێ ماون کە لە قالبی نووسراوی ئەدەبی دا داڕێژراون. جگە لەوانە ژیاننامەی شەهیدانی ڕێگای ئازادییش بەشێکی گرینگن لە ئەدەبی بەرگری. خۆ ئەگەر نێوەرۆکی هەموو ئەو سروود و گۆرانییە شۆڕشگێڕییانەش لێک بدەینەوە کە بەدەنگی گۆرانیبێژانی کورد پەردەی گوێی خەڵکیان لەراندۆتەوە، ئیتر تێ دەگەین ئەدەبی بەرگریی ئێمە چەندە دەوڵەمەندە. بۆ ئەوەی بزەیەکیشتان بخەمە سەر لێو، لەم بەشە دا چەند بیرەوەرییەکی پێشمەرگەتان بۆ دەخوێنمەوە کە لە قالبێکی جوانی تەنزاوی دا بڵاو بوونەتەوە.

"لە ڕەووەزە بەردێک دا، ئێسترەکە بە باری هەڵواوە هەڵداشترا خوارێ و هەموو گیانی هەڵدڕ هەڵدڕ بوو و بە هەزار زەحمەت هەڵیان ئەستاندەوە. تەلیسی هەڵوا بە سەر عەرزیدا پرش و بڵاو ببوو و چەند پێشمەرگە لە تاریکی دا، لە نێو تۆز و خۆڵی پڕ لە تەرس و پشکەڵ و ریخی سەر ڕێی بارگینی قاچاغچی و جەڵەبی مەڕ و ماڵات و جوانەگایان، بۆ هەڵوا کۆ کردنەوەی دەستیان بە عەرزی دا دەگێڕا و هەر شتێکی نەرم بایە کۆیان دەکردەوە و لە تەلیسیان دەکردەوە". (وەرگیراو لە ڕۆمانی "بەزم و ڕەزمی شاخ" بەرهەمی کاک قاسمی قازی)

**ئەو چەند نموونەیەی خوارەوەم لە کتێبی "کانی کەوتم" بەرهەمی پێشمەرگەی قسەخۆش و بیر تیژ هەڤاڵ ئەحمەدی وەرگرتوە کە سەرتاپای کتێبەکەی پڕە لەو جۆرە بیرەوەرییانە:**

"شەوانە مێشوولە زۆر بوو. دوو، دوو دەیان ناردین تا تەپاڵە کۆ کەینەوە و ئاگری تێ بەردەین بۆ ئەوەی مێشوولە لە خۆمان دوور خەینەوە. هێندە چووبووین بۆ تەپاڵە هێنان، بۆ دەرمانیش لەو دەوروبەرەی تەپاڵە دەست نەدەکەوت. جاری وابوو یەک کاتژمێر دەگەڕای یەک تەپاڵە وەگیر نەدەکەوت. شەوێک نۆرەی ناسری دامەنگیر و ئەسکەندەر بوو. زۆری پێ نەچوو یەک جامانەی پڕ لە تەپاڵەیان لە گەڵ خۆیان هێنا و هاتنەوە. تەپاڵەیان هەڵڕشت، هەموومان پێمان سەیر بوو کە وا زوو ئەو هەموو تەپاڵەیان لە کوێ هێناوە. وتیان قووڵکەیەک هەیە تاکوو ئێستا کەس نەیدۆزیوەتەوە، پڕە لە تەپاڵە. بەڵێ تەپاڵەیان ئاور دا و هێندەی پێ نەچوو بۆنێکی زۆر پیس بڵاو بۆوە. حەسەنی عەزیز قازی کوتی بابە ئەوە کێیە لەم نیزیکانە دەست بە ئاو دەگەیەنێ بۆ تۆزێک دوور ناکەوێتەوە؟ پاشان چرا قەوەی هەڵکرد. سەیرمان کرد ناسر و ئەسکەندەر چووبوون گووی ویشکەوە بووی خۆمانیان هێنا بوو و ئاگریان دابوو."

**یەکی دیکەش:**

"کاتژمێر چواری ئێوارە بوو. بێری لە سووتوو و بەردەرەشەوە هاتبوون بۆ دۆشینی مەڕ. گوتمان نانتان پێیە؟ گوتیان نا. بەڵام هەر یەکەی پرێسکەیەکی چووکەیان پێ بوو کە پڕ بوو لە ورتکە نان. گوتمان ئەی ئەوە چییە؟ گوتیان ئەوەمان پێیە تاکوو بزنەکانی پێڕاگرین بۆ دۆشین. گوتم ئەو ورکە نانەی بدەن بە ئێمە جا بزانن چۆن بزنەکانتان بۆ دەگرین."

**ئەوەشیان خۆشە:**

"ڕۆژێک حەیوانیان هێنا و سەریان بڕی. گۆشتەکەیان دابەش کرد و پێستەکەشیان لەوێ فڕێ دابوو. غەفوری سۆفی بە تیغ گۆشتی لە پێستەکە دەکردەوە و شەوانەش دووبارە پێستەکەی بە خۆی دادەدا. وای لێ هاتبوو کەس نەی دەوێرا لە غەفوور نیزیک بێتە لە بەر بۆنی پێستە مەڕ ."

**ئەو دەنکەش دەگێڕمەوە و ئیدی تەواوی دەکەم:**

"شەوێ گەیشتینە پشت ئاوایی "تاهیر بۆغە". بێستانێکی شووتی لێ بوو. کاک محەممەد تۆپچی گوتی با دوو کەس بچن شووتی بێنن بۆ هەموومان، هەموو نەچینە نێو بێستانەکە، با شوێن پێمان هەڵنەگرن. ڕەحمانە کوردە و نەفەرێکی دیکەیان



سەرچاوە
Serchawe

نارد شووتیان هێنا و خواردمان. خەریک بووین توێکڵەکانمان لەنێو شێوەردەکەدا دەشاردەوە، دیتمان کەسێک بەرەو بێستانەکە ڕۆیشت. مانگەشەوێکی ڕووناک بوو، نەفەرەکە ئاسۆی دابوو و جوان دیار بوو. کاک محەممەد تۆپچی تووڕە بوو گوتی ئەوە کێیە چوو بۆ نێو بێستانەکە؟ گوتیان سەعیدی خانەخەلییە. لەسەری ڕاوەستاین تاکوو هاتەوە. کاک محەممەد گوتی: سەعید ئەوە بۆ کوێ چووی؟ گوتی وەڵا ویستم میز بکەم. کاک محەممەد گوتی: دەک لە قوڕێت نێم، یانی تۆ ئەوەندە شەرمێونی بۆ میز کردن دوور دەکەویەوە، تۆ جاری وایە لە سەفدا بە پێوە گووی دەکەی ."

دوای ئەوباسە درێژەی سەبارەت بە ئەدەبی بەرگری کردم و دەزانم هێشتا گۆشەیەکی چووکم لەو دەریا پڕ شەپۆلە نەگێڕاوەتەوە، با یەک، دوو نموونەش لەو وردە نووسراوانەی خۆم باس بکەم کە لە ژێر کاریگەریی خۆڕاگریی قارەمانانەی پێشمەرگەی کوردستان دا تۆمارم کردوون. ڕەنگە ئەوانەش گۆشەیەکی چووکی کتێبخانەی ئەدەبی بەرگریی کورد پڕ بکەنەوە.
"بۆ بەچۆک داهێنانی پێشمەرگە، سوپای نەیار پەنای بردە بەر سێ هێزی: "ترس" و "خەو" و "برسییەتی". سێ کوچکەی پاڵپشتی نەیار کە ئاوازەی خۆڕاگریی پێشمەرگەیان بیستبوو، لەو هەڵمەتە دا بڕیاری یەک گرتنیان دا. "ترس" کە لە مێژ بوو هێزی خۆی لەسەر سوپای دژ تاقی کردبۆوە، بە زەردە خەندەیەکەوە قەولی دا وا بە دڵ و دەروونی هێزی پێشمەرگە دا بچێتە خوار کە کڵۆڵی بکا و هەر لە یەکەم پەلامار دا پەکی بخا. "خەو" بە تێڕادیوی لە قودرەت و هەیبەتی خۆی مەسەلەکەی زۆر بە سووکی گرت و گوتی: هیچ نیە، مادام منتان دەگەڵم خەمی هیچ مەخۆن. شەرتە دانە بە دانەی پێشمەرگە لە دنیای وشیاری بتارێنم و بیانخەمە نێو گێژاوی بێ خەبەرییەوە. "برسییەتی" بەڵام لە هەر دووکیان تێڕادیوتر و لەخۆباییتر قسەی کرد و وای نیشان دا کە هێزی ئەو بە تەنیا بۆ پەک خستنی توانای پێشمەرگە بەسە. هێزی دژ، دڵخۆش لە پاڵپشتیی ئەو سێ دیاردە چارەنووس سازەی مەیدانی شەڕ، خۆی ڕێک خست و هەوای سڕینەوەی ناوی پێشمەرگەی کەوتە سەری. تەپڵی شەڕ لێدرا و دەنگی شەیپووری وەڕێکەوتوانی مەیدانی مەرگ و ژیان گوێی ئاسمانی کەڕ کرد. کاتێک هێزی پەلاماردەر بە پاڵپشتیی سێ کوچکەی نەگبەتی خۆی گەیاندە مەیدانی خۆ تاقی کردنەوە و بانگی شەڕی دا، خۆی لە بەرانبەر کێوی "ورە" و "ئیمان" و "ئازایەتی"ی پێشمەرگە دا دیتەوە. بە دیتنی ئەو سێ شاسوارەی مەیدانی شەڕ، سێ کوچکەی پشتیوانی نەیار سەریان داخست و پاشەوپاش گەڕانەوە. بە گەڕانەوەی ئەوان، سوپای هێرشبەریش خۆی نەگرت و سەری بۆ ئیمان و ورە و ئازایەتیی پێشمەرگە نەوی کرد". (بەشی ٨ لە زنجیرە باسی "مێژووی زیندوو")

لە جێگایەکی دیکە دا گوتوومە:

"درێشووی گەرمای نیوەڕۆ وەک دڕوو بە لەشی ئینسان دا دەچوە خوار و چزووی لێ هەڵ دەستاند. سووره تاوی هاوینی کەڵی لەپێ دەخست و خیز و دار و بەردی دەتواندەوە. هەتاو لە نێوەڕاستی ئاسمانێ چەقیبوو و هەر دەتگوت بەسەت گوریس

بەستووتەتەوە. تەمەنی ڕۆژ وەک عومری نووحی لێ هاتبوو خۆ ئاوا بوونی نەبوو. دار و دەوەن لە بەرانبەر هەیبەتی گەرما دا سەریان نەوی کردبوو و لەشیان سیس هەڵگەڕابوو. لە جەنگەی ئەو گەرما بێ لەزەتە دا ڕەشاییەکی نەزم هەڵگرتوو لە دوور ڕا خۆی دەرخست. ڕەشایی هەر هات و نزیکتر بۆوە هەتا وەڕاست گەڕا. دوو لەم لا دوو لەو لا، ژمارەیەک لە پێش و چەند هێندەش لە دواوە، بەڵام هەموو وێکڕا و لە ژێر ڕیتمی نەزمێکی خۆڕسک دا خەریکی ڕاگوێزتنی تەرمی خەباتکارێک بوون. نە هەوراز و نە لێژ، نە برسییەتی و نە تینویەتی، نە خەو و نە گەرما، هیچیان توانای پاشگەز کردنەوەی ئەو پۆلە تێکۆشەرەیان لە گەیاندنی تەرمی هاوسەنگەر بە شوێنی مەبەست نەبوو. ئەوان خەریکی نیشاندانی شانۆیەکی مێژوویی بوون. شانۆیەک کە پێی دەگوترێ: بۆ ژیان مردن و بە مەرگ پێکەنین". (بەشی ١٠ لە زنجیرە وتاری "مێژووی زیندوو")

ئەوەش نموونەیەکی دیکە لە هۆی خۆشەویستیی پێشمەرگە:

"کاتێک هێزی وەگەڕ خەری کۆمەڵ پەکی دەکەوێ، نوتفەی سەرهەڵدانی زوڵم دگوورێ. کە زوڵم سەری هەڵ دا، بێ دەرەتانی پەرە دەگرێ. ترس، زادەی نەکبەتی بێ دەرەتانییە و هەرخۆشی پەرە پێ دەری زوڵمی زیاترە. هەتا مەیدانی زوڵم بەرینتر بێ، زاڵم غەرڕەتر دەبێ. هەرکە ترس لەزاڵم دڵی مرۆڤەکانی ڕێک گوشی، مێشکیشیان لە تێکۆشان دەوەستێنی و هەر بۆیە مەیدانی ڕمبازێنی زاڵم زیاتر دەبێ. لە وەها کۆمەڵگایەک دا بەشی زۆری ئینسانەکان مل بۆ "چارەنووس" کەچ دەکەن و چاوەڕێی دەستێکی یارمەتیدەرن ڕزگاریان بکا. لەنێو ئەو دنیای بێدادی و ناهومێدییە دا، "پێشمەرگە" دێتە مەیدان و شەق لەو "چارەنووس"ە هەڵ دەدا. ئەو خاوەن غیرەت و خاوەن بڕیار و خاوەن ئیرادەیە، هەر بۆیە خۆشەویستە". (بەشی ٦ لە زنجیرە وتاری "مێژووی زیندوو")

**ببوورن کاتم زۆر گرتن کە هیوادارم ئێوەش پێشمەرگە ئاسا تەحەمولی ئەو ماندوو بوونەتان کردبێ. هەر بژین و سەرکەوتوو بن.**

**ساڵی نوێی زایینی لە هەموو ئەوە خۆشەویستان و تێکڕای خەباتکارانی ڕێی ئازادی پیرۆز بێ.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نوسەر – ڕێکەوتی: جانێوێری ٢٠٢٦**

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٥ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٦ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ  هەیاس کاردۆ بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**